www.kurdistannet.org
21-7-2006 10:14بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بۆچی 21-8 ڕۆژێکی مێژوویيە ... عەلی مەحموود محەمەد

ڕۆژی 21-8 ئەگەر گۆڕانی بەسەر مێژووەکەیدا نەیات، سەدام و یاوەرانی لە ئەنفالچی و هاوکارانی دادگایی بکرێن لە پای تاوانی ئەنفال، بە کۆمەڵێک هۆکارەوە بۆ کورد زۆر گرنگ و پڕ بایەخ و تایبەتی و مێژوویيە:
- خودی کێسەکە و ئەو گفت و گۆیانەی لە میانی دادگاییەکە لە سەری دێنە پێشەوە، پرۆسەی ئەنفال دەکەن بە دۆکۆمێنت، واتا ئەو داواکاریانەی ئێمە لە دوای ڕاپەڕینەوە بارهاو بارها داوامان کردووە بەوەی ئەنفال بکرێت بە دۆکۆمێنت، ئەو دادگاییە نەک تەنها دەیکات بە دۆکۆمێنتی جێ متمانە، بەڵکە دەشیکات بە بەڵگەنامەیەکی یاسایی جێ متمانەی نێو دەوڵەتی، لە داهاتوودا کورد دەتوانێت لە هەموو تەنگەتاوییەکان هانای بۆ ببات، وەک قەڵغانێک لە بەرامبەر تاوانەوە بەکاری بهێنێت.
- هەموو جیهان ئاگاداری پرۆسەی دادگاییەکە دەبن لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە، ئەمەش ئەو هەوڵانەمان لە کۆڵە کاتەوە کە پێویستە بیدەین بۆ بە جیهان ناساندنی ئەنفال، ئەنفال لە ڕێگەی دادگاییەکەوە دەچێتە هەموو ماڵێکەوە بە درێژایی و پانی هەموو جیهان، دەچێتە سەر ڕوپەڕی هەموو ڕۆژنامەیەک، ئاخر ئەنفال نە وێنەی دیاربوو، نە وەک کەمبۆدیا و ڕوانداش مەخزەنی کەلەسەرمان هەبوو، قوربانیانێکی بێ ناسنامە و بێ وێنە و بێ گۆڕ بوون، کارکردن لەسەریان بۆ ناساندنی لە جیهان زۆر ئەستەم بوو، ئەم دادگاییە لەم بێ ڕەنگ و بێ وێنەییە ڕزگاری دەکات، هەزاران چیرۆکی پڕ تراژیدیا دەخولقێنێت.
- هەموو تاوانباران دادگایی دەکرێن. ئەم کەیسە گەورەیە، بە زیاتر لە 8500 لاپەڕەوە، سەرباری وتەی شایەد حاڵەکان و ئەو وردە کاریانەی ڕۆژانە دێنە پێشەوە بە درێژایی ماوەی پرۆسەی دادگاییەکە، تاوانباران یەکتری ڕادەکێشن بۆ دادگا... لە کۆتاییدا بەوە دەگات سەرجەم تاوانباران لەو دادگاییە ڕزگاریان نەبێت، ئەگەر شێخ موعتەسەم ناوی لە دادگایی ئانراتدا لە هۆڵەندە بێتە پێشەوە، چۆن سەدانی وەک ئەو ناویان لە دادگایی سەدام نایاتە پێشەوە، ئاخر قوربانیان لەوان خۆش نەبوونە، بەڵگە سیاسییەکان لە بەرژەوەندی لایەنەکانیان لێیان خۆش بوونە، ئەمەش هەنگاوێکە لە لایەکەوە بۆ پوچەڵکردنەوەی لێبوردنە گشتییەکەی بەرەی کوردستانی، لە لایەکی دیکەوە دەروازەیەکە بۆ دادگاییکردنی سەرجەم تاوانباران بە جاش و فایلدار و تەنانەت تێوەگلانی پارتی سیاسیش.
هەردوولا (قوربانیان- تاوانباران) هەموو تواناکانی خۆیان و بەڵگە سیاسی و یاساییەکانیان دەخەنە گەڕ، بۆیە دەبێتە دادگایی تێوەگلان و نهێنی ئاشکراکردن، د. زەکییە لەزوەکەوە دەڵێت: لایەنێکی سیاسی لە کێسی ە دەترسێت!.
- لە ڕێگەی ئەم دادگاییەوە دەتوانین ئەوەی لە عێراقدا لە دەستمان داوە وەریبگرینەوە، بە فەرمی ناسینی ژینۆسایی گەلی کورد لە لایەن دادگای عێراقییەوە، بۆخۆی سەرکەوتنێکی مەزنە بۆ کورد ئەگەر بەدی بێت، خوێندنەوەی وردی بڕیاری ژمارە 4008، بەڵگەی هاشا هەڵنەگری ژینۆسایدکردنی گەلی کوردە، ئەمەش زەمانەتی قڕ نەکردنەوەی کوردە لە ئایندەدا، پارێزەرێتی ئەگەر داوای سیاسی گەورە بکات لە ئایندە نموونە ڕیفراندۆم، بۆیە نابێت لە بەفەرمی ناسینی ژینۆسایدکردنی گەلی کورد کەمتر ڕازی بین.
سزادانی جەستەیی تاوانباران بە ئەندازەی دەسکەوتە یاساییەکان بۆ ئێمە گرنگ نییە، بۆیە ساوێلکانە نابێت بەسزای توند بۆ کەسەکان ڕازی بین، داواکاری سەرەکی ئێمە بە ژینۆسایدناسینی ئەنفال و داوای لێبوردنکردنە لێمان، نەک ملی سەدام وەک مرۆڤێک کە زۆری نەماوە لار بێتەوە، بگرە مردنی سەدام بەشێکی زۆر لە چیرۆکی غەدرلێکراویمان زیندە بەچاڵ دەکات و لەبیر دەباتەوە.
- لەبەر ئەوەی ئەنفال پشکی گەورەی زیان و قوربانی و تراژیدییەکانی لە ناوچەکانی کەرکووکە، ئەنفالەکانی (3، 4) ، بۆیە دەتوانرێت ئەگەر پارێزەری زانا و باشمان هەبێت، پەیوەندییەک لە نێوان تەعریب و ئەنفال درووست بکرێت، دیارە تەعریب بۆخۆی بەشێکە لە ژینۆساید، ئەمەش دەبێتە بەڵگەنەمایەکی باش بۆ سڕینەوەی شوێنەواری تەعریب لە ئایندەدا.
- دەبێت دەسەڵاتدارانی ئێستای عێراقی بە فەرمی هەڵوێست لەسەر کۆمەڵکوژییەکانمان وەربگرن، ئەنفال و بارزانی و هەڵەبجە....
ئەو تاوانانە عێراق وەک دەوڵەت ئەنجامی داوە نەک حکوومەت، بیرکردنەوەی پێچەوانە بەوەی ئەو تاوانانە بەعس ئەنجامی داوە نەک دەوڵەت گێلی سیاسییە، دەبێت ئێمە ئەو تاوانانە لەسەر دەوڵەتی عێراقی بکەین بە ماڵ نەک سەدام و حکومەتەکەی، هەر بۆیە حکوومەتی تازەش تا ئەوکاتەی ئەو تاوانە بە ژینۆساید دەناسێنێت و قەرەبووی زیان لێکەوتووان دەکاتەوەو هەموو شوێنەوارەکانی دەسڕێتەوە و بە فەرمی داوای لێبوردن لە کورد دەکات لەو تاوانە بەرپرسیارە.
ئەردۆگان لە عوسمانییەکان مکوڕترە لەسەر ئەوەی ئەرمەن ژینۆسایدنەکراوە، ئەو لە دادگاییکردنی ئێسکی خەلیفە ناترسێت بەڵکە لە تاوانبارکردنی دەوڵەتی تورکیا زریکەی کردووە.

-خراپی ژیانی پاشماوەی قوربانیان و مەرگەساتی ژیانیان لە ماوەی ئەو 18 ساڵە، لایەنێکی دیکەیە لەو دادگاییە باس و خواستی دێتە پێشەوە، سەرباری داڵدەدانی تاوانبارانی کورد و دەستڕۆیشتویی ئێستایان، بۆیە دەسەڵاتدارییەتی کوردیش بێ پشک نابن لەو دادگاییە، بەشی خۆیانی لێ دەدورنەوە.

نابێت ئەوە لە خۆمان بشارینەوە، شانسێک بۆ کورد نییە لەو دادگاییەوە بەو ئەنجامە دەرچین ئەنفال هاوتا بکرێت بە هۆلۆکۆست، وە قەتیش پێی ناگەین، چونکە ئەنفال و هۆلۆکۆست چ وەک قەبارەی هەردوو تاوانەکە، چ لە هەڵوێستی بکەر لە بەرامبەر لێکراو (تاوان بەرامبەر هەموو جولەکە کرا، بەڵام لە کوردستان بەرامبەر بە بەشێک لە کورد ئەنجامدرا، بەشێک لە کورد "جاشەکان "بۆخۆیان بکەر بوون لە تاوانەکە) ، هەروەها جێگەی کورد و جولەکە لە بەرامبەر بیرو ڕای جیهانی جیایە، جولەکە لە لایەن وڵاتێکەوە ژینۆسایدکرا هەموو جیهان دژی بوو بە تایبەت براوەکانی جەنگی جیهانی دووەم، کورد بووە هاوپەیمانی وڵاتێک "ئێران" هەموو جیهان دژی بوو، بۆیە شانسی ئەنفال لە خوار شانسی هۆلۆکۆستە.

بەم هۆیانەی سەرەوە جێی خۆیەتی ڕۆژی 21-8 لە لای هەر تاکێکی کورد ئاسایی نەبێت و بەسەرەتای گۆڕانی گەورە لە مێژووی کوردی بزانیین.

ئەو دادگا مێژوویانە زۆر جار دەوڵەتیان لێوە لە دایک بووە بۆ نەتەوە ژینۆسایدکراوەکان، ئێمەش بەو هۆیەوە دەبێت 21-8 بە ڕۆژێکی ئاسایی نەبینین، بەسەرەتای لە دایک بوونی دەوڵەتی کوردی بزانیین.